ئەگەر پێمانوابێت، وەڵامەکانی ئێمە تەواو و دوا دەرکی مرۆڤایەتین، ئەوا خەریکین لە خۆمان بتێك سازدەکەین. هەروەها ئەگەر پێمانوابێت، ئەو سیستەمی ڕێکخستنەی کۆمەڵگە، کە ئێمە خەباتی بۆ دەکەین، دوایین چاوەڕوانی و گەشەیەکە، کە مرۆڤایەتی پێیدەگات، ئەوا دیسانەوە خەریکین پووچگەراییەکی دی لە تەپوتۆزی پۆوچگەراییەکانی دیکە، چێدەکەینەوە. سۆشیالیزم بەهەشتێك نییە لە ئاسمانەکانەوە دابگرین و لە پەڕاوی ئەفسانەکاندا بیدۆزینەوە و مۆدێرنیزەی بکەین، سۆشیالیزم خەونی مرۆڤی زیندووە و بە پراکتیکی شۆڕشگێڕانە کەتواریی دەبێتەوە و سەرکەوتنیشی لە کولتووربووبیندا دەبێت، بەبێ ئەوە، لە خەیاڵی گۆشەگیرانە و فەنتازی ئایدیالیستانە بەولاوەتر نابێت. هەژێن

بەشی سیازدەهەم

## ئایا کۆمەڵگەی ئەنارکی چ جیاوازیەکی لەگەڵ بەهەشتێکی خەیاڵی هەیە کە کۆمۆنیزم مژدەی دەدات ؟

پێش ئەوەی بچمە پای وەڵامدانەوەی نێوەڕۆکی پرسیارەکە، ناچارم لەسەر هەڵەبوونی واژەی " کۆمۆنیزم" بوەستم، کە هیچ کات بەواتای "Communism" نییە. کۆمونیزم "Communism" واتە کۆمونگەرایی و کۆمۆن "Common" واتە نێوکۆیی؛ وەك خاڵی نێوکۆیی یا زمانی نێکۆیی و لە زمانە لاتینەکاندا واژەیەك بەناوی "کۆمۆنیزم" بوونی نییە و هەروەها لە زمانی کوردیدا ئەوە تەنیا کەسانی دەرەوەی پارتە کۆمونیستەکان نین، کە ئەو واژەیە بە هەڵە بەکاردەبەن، بەڵکو لە پێش هەمووانەوە سەرانی پارتە کۆمونیستەکان و ئەندامەکانیان ئەو واژەیە بە هەڵە بەکاردەبەن. بەداخەوە ئەم واژانەش وەك واژەکانی [دێمۆکرات (کەسی دێمۆکراتخواز) ، دێمۆکراسی (چەمکی هزری و فیلۆسۆفی) ] ، [عەلمانی (کەسی سێکیولاریست) و عیلمانی (بیرۆکە/ شتی/کەسی زانستی/ زانستکار / زانستدۆست) ] ، [ئەنتی ناسیونالیزم (دژە ناسیونالیزم)، ئینتەرناسیونالیزم (نێونەتەوەیی)، ئەنتەرناسیونالیزم (بێواتا)]، ..تد لەلایەن نووسەران و ڕۆشنبیرانی کورد و تەنانەت لایەنگرانی ئەو هزر و بیرۆکانەوە تێکەڵکراون !

کۆمونیزم وەك وێناکردن کومەڵگەیەکی پێشتر نەخشەکێشراو و ئایدیال و دەستکردی ڕابەرانی "پارتی پێشرەو"، پشت بە ئایدیاکانی قۆناخبەندیی مێژووی کۆمەڵگەکان بۆ کۆمونەی سەرەتایی و بەندایەتی [Slavery] و فیئۆداڵی [feudalism] و سەرمایەداریی [Capitalism] و کۆمونیزم [Communism] دەبەستێت و ئەگەر بەوردی سەرنجی دراو و بنەماکانی ئەو قۆناخبەندییەی کۆمەڵگەی مرۆیی بدەین، ئەوا سەرچاوەی ئەو قۆناخبەندییە بۆ بیرۆکە [ئایدیا] ئایینییەکان بەتایبەت بیرۆکەکانی چۆنیەتی دەرکردنی مرۆڤ لە بەهەشت و چۆنیەتی گەڕانەوەی مرۆڤی دەرکراو لە بەهەشت بۆ بەهەشت، هەر بەو جۆرەی کاتێك کە مرۆڤی دەرکراو لە بەهەشت بە پەیڕەویکردنی ڕێبازی پەیامبەران گوناهەکانی دەسڕێتەوە و بە بەهەشت شاددەبێتەوە، هەر ئاواش بەگوێرەی لێکدانەوەی تیئۆریسیۆنەکانی کۆمونیزم، گەییشتنی مرۆڤ بە کۆمونیزم و بەدیهاتنی وەها کۆمەڵگەیەك بە پابەندیی مرۆڤەکان بۆ ئایدیۆلۆجیای پارت و تێڕوانینەکانی مارکس و ئەنگلس و مێشکەکانی پاش ئەوان دەبەستنەوە و هەر نەزۆکییەك لە تیئۆری پێشتر

داڕێژراودا بە نەزانی و دەرکنەکردن و لادەریی پەیڕەوکاران و سەرانی پارتەکان دادەنرێت، هەروەها هەر ڕەخنەگرتن و ڕەتکردنەوەیەك بەرانبەر تیئۆرییەکانی چۆنیەتی گەیشتن بە کۆمەڵگەی کۆمونیستی، بە لادان و دژەخوونی لە باوەڕی باڵا هەژماردەکرێت.

کۆمونیستەکان، سۆشیالیزم بە پەیبردن و دۆزینەوە و بیردۆزی بیریاران دەزانن، واتە هۆش ئافەرێنەری شتەکانە و پێش پێگەیشتن و ئەزموونە مادییەکان دەکەوێت. هەروەها بیردۆزەکانی ئەو بیریارانە بە پیرۆزکردن و هاوتاکردنیان بە زانست، دەکەنە چەکی ڕەتکردنەوە و نکۆڵیکردن لە هەر ڕاستییەك لە دەرەوەی بیردۆزە کۆمونیستییەکە و کە هەم جۆرە پارادۆکسێکە و هەم درێژەدان بە مەزهەبگەرایی. چونکە زانست واتە پێگەیشتنی ئەزموونگەریی و درێژەدان بە دەرکەوتن و دراوە پێشینییەکان، بەواتایەکی دیکە زانست هەم درێژە و گەشەی هەوڵەکانی پێش خۆیەتی و هەم لەتەك هەر دەرکەوتن و پێگەیشتنێکی ئەزموونگیرییانە، ناڕۆشنیی و لایەنە لاواز و نادروستەکانی خۆی ڕەتدەکاتەوە، کە ئەمە شێوازی گەشە و پێگەیشتنی ماتریالیستییە، واتە تیئۆری و پێگەیشتنەکان بەرەنجامی کار و چالاکی و تاقیکردنەوەکانن، نەك پێچەوانەکەی. ئەگەر سەرنجی پاگەندەی کۆمونیستەکان لەمەڕ زانستیبوونی کۆمونیزمی مارکسیستی و ڕەتکردنەوەی هەر ڕەخنە و سەرنجێك لەمەڕ داڕشتنە پێشتر ئامادەکراوەکان بدەین، دەبینین، کە هیچ جیاوازییەکی بەرچاو لەنێوان تێزە ئایینییەکان و تێزە مارکسیستییەکاندا نییە. وەك گوتم تێزە ئایینییەکان دروستبوونی مرۆڤ بۆ هوشیاریی پێش مادە [خواکرد] دەگرێنەوە و مرۆڤی یاخی و سەرپێچیەگەر لە بەهەشت دەردەکات و پاشان خوای ئایینەکان ڕێگەچارەی گەڕانەوە بۆ بەهەشت بۆ مرۆڤ دیاریدەکات و ئەگەر [مرۆڤی دەرکراو لە بەهەشت] ئەو ڕێگەچارە پەیڕەوبینەکات، ئەوا هیچ کات ئەگەری گەیشتنەوەی بە بەهەشت بوونی نییە، هەر ئەوەی کە مارکسیستەکان مێژوو بە سەر قۆناخە ناچارییەکانی گەشەی کۆمەڵگەدا دابەشدەکەن [مرۆڤی سەرەتایی بەهۆی دۆزینەوەی کەرەستەکانی بەرهەمهێنان و خاوەندارییان لەلایەن کەسانی بەهێزەوە، کۆمونە بەجێدەهێڵێت و پێدەنێتە قۆناخی کۆیلایەتی و پاشان لە ڕاپەڕینی کۆیلاندا لەبەرئەوەی کە مەرجە مێژووییەکانی شۆڕشی سۆشیالیستی لە ئارادانین، وەك پێداویستیەکی مێژوویی چینی باڵادەستی دیکە فیئۆداڵەکان سەرهەڵدەن و دیسانەوە لە ڕاپەڕینی جوتیاراندا لەبەرئەوەی کە مەرجە مێژووییەکانی شۆڕشی سۆشیالیستی لە ئارادانین، وەك پێداویستیەکی مێژوویی چینی باڵادەستی دیکە بۆرجواکان وەك "شۆڕشگێڕ"سەرهەڵدەن و دواجار بیریارانێك پەیدادەبن و لێکۆڵینەوە لەسەر بنەما ئابوورییەکانی پێکهاتنی کۆمەڵگە دەکەن و بەو سەرەنجامە دەگەن، کە دەبێت کۆمەڵێك پێشمەرجی گەشەی ئابووریی ڕووبدەن و بە پەیڕەوکردنی تیئۆرییەکانی ئەوان، توانای گەڕانەوە بۆ بەهەشت "کۆمونەی سەرەتایی" دەبێت]. هەڵبەتە ئەوانە نە بۆچوونی منن و نە ئافەرێنراوی خەیاڵی منن، بەڵکو ئەو پاگەندە و گێڕانەوانەن، کە تا هەنووکە ئێمە لە دەمی ڕابەران و پاشڕەوانی کۆمونسیستەوە بیستوومانن و دەبیستین.

ئێستا کە تیڕوانینی خۆمم لەمەڕ بەهەشتی دونیایی و تێزەکانی دا، دەتوانم بڵێم نەخێر، کۆمەڵگەی ئەنارکی بەهەشت نییە و بڕیاریش نییە بەهەشت بێت و ئەنارکیزم وەك هزر سەنتێزە نەك تێز. ئەنارکییەکان بەتەمانین کۆمەڵێك تێزی ئاسمانی بۆ گەیشتن بە بەهەشت دابڕێژن و بیانکەنە ئایینی دونیایی. گەیشتنی مرۆڤ بە کۆمەڵگەی ئازاد [سۆشیالیستی / ئەنارکی] بە ئامادەیی و تێکۆشانی تاکە چەوساوەکانەوە پەیوەستە و ڕوودانی وەها ئەگەرێك پەرجوویەکی

ئاسمانی/ ڕامیاریی نییە، کە لە چاوتروکاندنێکدا کۆمەڵگەی پڕ جەنگ و دڕندایەتی بگۆڕدرێت بە کۆمەڵگەیەکی پڕ هارمۆنی پێکەوەژیان و تەبایی، چەوساوە و سوودخوازیی بگۆڕدرێت بە هاریکاریی و خۆبەخشیی کۆمەڵایەتیی، کێبڕکێی دەسەڵاتخوازیی و مشەخۆریی ڕامیاریی بگۆڕدرێت بە یەکگرتن و هاودەردیی مرۆڤایەتی. نەخێر کۆمەڵگەیەکی ئاوای ناچینایەتی پێویستی بە تێپەڕکردنی پرۆسێسێکی بەردوامی تێکۆشانی تاکە ژێردەستەکان بۆ گەییشتن بە وەها ئامانجێك هەیە. چۆن دەکرێت کۆمەڵگەیەك کە لەسەر بنەمای سزا و زیندانی، لەسەر بنەمای فەرمانداریی کەمینەی ڕامیار و زۆرینەی ژێردەست، لەسەر بنەمای ڕەنجدەریی زۆرینەی نەدار و مشەخۆریی کەمینەی سەرمایەدار دامەزرابێت و بەبێ پێشنیاربوونی ئەڵتەرناتیڤەکەی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و لە ڕێکخستنی کار و ژیانی کۆمەڵگەدا، یەك شەو و ڕۆژە وەلابنرێن؟ وەها پووچگەراییەك تەنیا لە دەمی ڕامیارانەوە دەردەپەڕێت و تەنیا کەسانی خۆشباوەڕ و دەستەمۆ و کەوڵکراو لە هەموو ویست و بوونێکی سەربەخۆ، دەتوانن بڕوای پێبکەن و دوای بکەون .

بەدیهاتنی سۆشیالیزم / کۆمەڵگەی ئەنارکی، نە خەونێکە تا ڕوودانی لە دەرەوەی ویستی مرۆڤەکانەوە بێت و نە ئافەرێنراوی توانای جادووگەرییانەی ڕامیارەکانە، تا چاوەڕیی بەزەیی و فریادڕەسیی ئەوان بین، بەپێچەوانەوە هاتنەدی وەها کۆمەڵگەیەك بە هەنگاونانی بەکردەوەی ئەوانەوە پەیوەستە، کە بە پێویست و بە ئەڵتەرناتیڤی دەبینن و کردەییکردنەوەی لە ژیان و کاری ڕۆژانەدا بە تەنیا مسۆگەرکەری هاتنەدی دەزانن. ئەگەر نا هەموو بەڵێنێکی سەرخەرمان، تەنیا هەزاربارەکردنەوەی هەمان دیکتاتۆریی "پارتی پێشڕەو" دەبێت، بەناوی پرۆلیتاریاوە ! لەبەرئەوە ئەنارکییەکان هەر ڕۆژە لە شوێنی کار و ژیانی خۆیاندا لە گروپە خۆجێییەکان و لە ڕێکخراوە جەماوەرییە سەربەخۆکاندا خەریکی کردەییکردەوەی خەیاڵی سۆشیالیستی / ئەنارکین، بە ژیانکردنی خەیاڵە دێرینەکانی مرۆڤ، هەر ئەوەی کە لە ناوچە ئازادەکانی ئۆکرانیای ١٩١٧-١٩٢١ و ئیسپانیای ١٩٣٦-١٩٣٩ ڕوویدا و ئەوەی لەم ڕۆژگارەدا لە گوندە هەرەوەزییەکان و کۆمونەکانی ئەوروپا و ئەمەریکادا خەریکە ڕوودەدات، ئەوەی کە پێشتر پێش سەرهەڵدانی دەوڵەتی نەتەوەیی بەجۆرێك لە جۆرەکان لە کۆمەڵگەکانی ئەفریکا و ئاسیا و ئەمەریکای لاتین و ئەمەریکا و ئوسترالیای [پێش داگیرکردن و جینۆسایدکردن]، بوونی هەبووە؛ ژیان بەبێ سەروەر، ژیان بەبێ پێکهاتەی قووچکەیی و دەزگەی ڕامیاریی؛ ژیان بەبێ بازرگانی و سوودخۆریی بانکەکان؛ ژیان بەبێ نوێنەرایەتی پارتەکان و ڕامیاران؛ ژیان لە هارمۆنی هەرەوەزیی و هاوپشتی و خۆکۆمەکیی کۆمەڵایەتیدا لەسەر بنەمای دیمۆکراسی ڕاستەوخۆ، کۆمەڵگە بەبێ نوێنەر و پۆلیس و دەوڵەت !

ئایا بە نەزەری تۆ سەبەبی شکستخواردنی شۆڕشەکانی تا ئێستا ئەوە نییە کە جۆرێک زۆرکردن بووە لە تاریخ، بە جۆرێکی تر بیڵێم ئایا ئەو شکستخواردنە بەڵگەیەک بۆ ئەوەی کە تاریخ بەخۆی ڕێ دەکات و پێویستی بە هەوڵی زۆرەملێیانەی ئێمە نیە ، ئایا ئەوەی تۆ تاکید لە چارەنووسسازی ڕۆڵی تاکە هوشیارەکان دەکەیت جۆرێك لە ڕابەرایەتی و ئاراستەکردنی تاریخ نیە؟

ئەگەر بڕوا بەخۆمان بهێنین، کە مێژوو لە دەرەوەی ویستی مرۆڤەکانەوە خۆبەخۆ کاردەکات و

وابەستەی ڕێژەیەکی دیاریکراو و خوازراوی گەشەی بنەمای ئابووریی کۆمەڵگە و بڕینی قۆناخبەندییەکانە، ئەوا خۆبەخۆ بەپێی ئەو لێکدانەوە ناکەتوارییە هەموو هەوڵێکی مرۆڤ بۆ زووتێپەڕاندنی بار و دۆخەکە، لەتەك شکست و ناکامیدا ڕووبەڕوودەبێت. بەڵام کاتێك کە خودی مێژووی مرۆڤایەتی ڕاستییەکەی دیکە دەسەلمێنێت، کە کارایی مرۆڤ و بەرەنجامبوونی گۆڕانەکانە بەهۆی کارکردی مرۆڤەکانەوە، ئەوا ئیدی وەها لێکدانەوەیەك بێجگە لە پووچگەرایی ئایدیالیستی هیچی دیکە بەرهەمناهێنێت. لەبەرئەوە تەنیا ڕێگەیەکی کەتواریمان لەبەردەمدا دەمێنێتەوە، ئەویش لێکدانەوە و گەڕانە لە دووی هۆکاری شکستەکان، نەك هەڵهاتن لە شکستەکان و نائومێدبوون لە توانایی شۆڕشگێڕانەی مرۆڤ؛ ئایا هۆکارەکانی شکستی تا ئێستای شۆڕش، خۆیی بوون یا دەرەکیی ؟

کاتێك کە خودهوشیاریی زۆرینەی کۆیلە ڕاپەڕیوەکان تا ئاستی پێکەوەژیانی هەمووان بەبێ سەروەر بڕناکات، ئیدی ئەگەر ڕاپەڕینەکان بە سەرکەوتنی دوژمنیش تێکنەشکێن، ئەوا سەرەنجام بە ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگە لەسەر بنەمای ڕابەر و ڕابەریکراو کۆتاییدێت ! کاتێك کە خودهوشیاریی زۆرینەی جوتیارانی ڕاپەڕیو ناگاتە ئاستی بنیاتنانی هەرەوەزییە کشتکارییەکان لەجێی وابەستەیی بە دارایی فیئۆداڵەکان بەسەر کێڵگەکاندا، ئیدی بۆرجوازی خۆڕێکخستووی شار بە ئاسانی توانانی ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگەی لەسەر بنەمای دەوڵەتی نەتەوەیی و جێگرتنەوەی سەروەریی فیئۆداڵەکانی دەبێت و جوتیارانی بێزەوی دەگۆڕدرێن بە کرێکارانی کرێکرتە، کاتێك کە خودهوشیاریی کرێکاران و سەربازان لە ڕوسیەی ۱۹۱۷دا [بەگشتی و لە هەموو لایەکی ئەو وڵاتە] نەگەییشتووەتە ئاستی خۆبەڕێوەبەرایەتی سەرتاسەری کۆمەڵگە و کارخانەکان لەلایەن خودی پڕۆلیتێرەکانەوە، ئیدی زۆر بە ئاسانی دەستەبژێری ڕامیار و خۆڕێکخستوو لە پارتێکدا بەناوی "پێشرەوی کرێکاران"ەوە، دەتوانێت جێگەی سەروەرانی پێشوو بگرێتەوە و هەموو ناڕەزایەتییەك و یاخیبوونێکی شۆڕشگێرانە وەك (کرۆنشتات) لە خوێندا خەڵتانبکات !

بەو پێشەکییەوە دەمەوێت بڵێم، نەخێر مێژوو لە دەرەوەی ویستی تاکەکانی کۆمەڵگەوە بوونی نییە و ئەوە کارکردی ئێمەیە کە مێژوو دەچەرخێنێت، کاتێك کە تاکە ژێردەستەکان بە " دەوڵەتی خوا " لەسەر زەوی خۆشباوەڕدەبن و بەختەرەریی و ڕزگاربوونی خۆیان لە سایەی ئەودا ببیننەوە، ئیدی ئەوە ڕوودەدات کە لە شکستی ڕاپەڕینی ڕێبەندانی ۱۹۷۹ی ئێراندا ڕوویدا، کاتێك کە تاکە ژێردەستەکان بە " دەوڵەتی نەتەوەیی " خۆشباوەڕبن و بە خەونێکی ئایدیال و کۆتایی هەموو نەهامەتییەکانی خۆیان بزانن، بەدڵنیاییەوە ئەوە ڕوودەدات، کە لە شکستی ڕاپەڕینی ئازاری ۱۹۹۱دا وویدا، کۆمەڵێك میلیشیا دەتوانن سەروەریی خۆیان بەسەر کۆمڵگەدا بسەپێنن، کاتێك کە تاکە ژێردەستەکان بە هێز و توانای خۆیان نائومێددەبن و هەموو هیوایەکیان بە فریادڕەسیی دەوڵەتە زلهێزەکانی ئەمەریکا و ئەوروپا دەبەستنەوە، ئیدی ئەوە ڕوودەدات، کە لە ئەفگانستان و عیراق ڕوویدا. بەداخەوە ئەم لیستە زۆر درێژە و سەراپای مێژوو بەهۆی بڕوانەبوونی تاك بە ڕۆڵی خۆی و کارایی یەکگرتوویی هێزی جەماوەریی خۆیەوە، پڕە لەو شکستانە و بە بۆچوونی من تاوەکو تاکی ژێردەست پاشرەوی پارتەکان و گوێڕایەڵی سیستەمی ڕامیاریی بێ و هیوای ڕزگاربوونی خۆی لە نەهامەتییەکان بە قوربانیدان لەپێناو دروستکردنی دەوڵەتە نەتەوەیی و ئایینی و سێکیولاریستەکان گرێبداتەوە، بەدڵنیاییەوە هەردەم لەبەردەم شکستەکانی خۆیدا دۆشدادەمێنێت و لە نائومێدیدا یا لە گۆشەی پەرستگەکاندا چاوەڕوانی

ڕودانی پەڕجووە ئاسمانییەکان [فریادڕەسی خوایی] دەبێت یا لە پەرتووکخانەکاندا چاوەڕوانی ڕودانی پەڕجووی لەنێوچوونی سیستەمی سەرمایەداری بەهۆی گەشەی ئابوورییەوە دەبێت [گۆڕانی دیتێرمینیستییانەی کۆمەڵگەی چینایەتی] و بە تێپەڕبوونی سات و ڕۆژ و هەفتە و مانگ و ساڵەکانی تەمەنی ژێردەستەیی و نائومێدی خۆی دەنووسێتەوە.

بەکورتی، تاکە ژێردەستەکان بەدرێژایی مێژووی کۆمەڵگە مرۆییەکان لە خۆشباوەڕییاندا هەردەم بەهەشتەکانی سەروەرییان بۆ چینە دارا و دەسەڵاتدارەکان مسۆگەرکردووە؛ لەپێناویاندا خۆیان بەکوشتداوە، ئەوانی دیکەیان کوشتن، جینۆسایدیان کردوون، گوند و شار و هەرێمەکانیان سووتاندن و ئەنفالیانکردوون، بوونەتە پاسەوانی یەکدی لە زیندانەکاندا، نارەزایەتی و ڕاپەڕینەکانیان سەرکوتکردوون، لە یەك دەستەواژەدا ئەگەر ئامادەیی و خۆشباوەڕیی تاکە ژێردەستەکان نەبێت، ئەوا هەرگیز خانەوادەی ئیمپراتۆرێك [کۆیلەدارەکان]، مشتێك زەمیندار [فیئۆداڵەکان]، چەند جەنەڕاڵێك [کودەتاچییەکان]، کۆمیتەی ناوەندی پارتێك و کەمینەیەکی هەرە کەمی سەرمایەدار [کارخانەدارەکان] و ڕامیار [پارلەمانتارەکان] و دەسەڵاتدار [فەرماندەران]، نەیاندەتوانی و ناتوانن کۆمەڵگەکان و جیهان ژێردەستبخەن و زۆرینە برسی و سەرکوتبکەن و خۆیان سەروەر و مشەخۆر بن. لە بەرانبەر ئەوەدا و لەسەر ئەو بنەمایە، تەنیا هوشیاربوونەوەی چەوساوان لە کۆڕی خەبات و خۆڕێکخستنی ڕۆژانەدا دەتوانێت هەم تاکە ژێردەستەکان لە خۆشباوەڕیی و پاشڕەوی بگێڕێتەوە و هەم بەرەو ڕاپەڕین و لەنێوبردنی سیستەمی ڕامیاریی و بنیاتنانەوەی کۆمەڵگە لەسەر بنەمای هاوپشتی و هەرەوەزیی و هاریکاریی کۆمەڵایەتیی، هەڵخڕێنێت و بڕوابەخۆبوون و خودهوشیاریی بۆ چەوساوان بگێڕێتەوە. هەر لەسەر ئەو بنەمایە و بە پشتبەستن بە ئەزموونە خودییەکانی خۆم و دراوە مێژووییەکانی خەباتی کۆمەڵایەتیی، من پێداگریی لەسەر کارابوون و چارەنووسسازبوونی ڕۆڵی هوشیارانەی تاکی چەوساوە دەکەم، ئەگەر نا لە دەرەوەی خەباتی جەماوەریی و هاوپشتی و یەکگرتن و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیی چەوساوان، هاتنەدی سۆشیالیزم تەنیا بە پووچگەرایی ڕامیاریی و لاساییکردنەوەی چۆنەیتی گەیشتنەوەی مرۆڤ بە بەهەشت دەبینم !

************************************

ر خوێندنەوەی بەشی یەکەم، کرتە لەسەر ئەم بەستەرەی خوارەوە بکە :

بەشی یەکەم : http://wp.me/ppHbY-HN
بەشی دووەم : http://wp.me/ppHbY-HY
بەشی سێیەم : http://wp.me/ppHbY-If
بەشی چوارەم: http://wp.me/ppHbY-IH
بەشی پێنجەم: http://wp.me/ppHbY-IN
بەشی شەشەم:http://wp.me/ppHbY-Jg
بەشی حەوتەم:http://wp.me/ppHbY-Jo
بەشی هەشتەم: http://wp.me/ppHbY-Jv
بەشی نۆهەم : http://wp.me/ppHbY-JO
بەشی دەهەم :http://wp.me/ppHbY-JZ
بەشی یازدەهەم : http://wp.me/ppHbY-K5
بەشی دوازدەهەم : http://wp.me/ppHbY-K9

Eger pêmanwabêt, wellamekanî ême tewaw û dwa derkî mrovayetîn, ewa xerîkîn le xoman btêk sazdekeyn. Herweha eger pêmanwabêt, ew sîstemî rêkxistney komellge, ke ême xebatî bo dekeyn, dwayîn çawerrwanî û geşeyeke, ke mrovayetî pêydegat, ewa dîsanewe xe rîkîn pûçgerayyekî dî le teputozî powçgerayyekanî dîke, çêdekeynewe. Soşyalîzm beheştêk nîye le asmanekanewe daygrîn û le perrawî efsanekanda bîdozînewe û modêrnîzey bkeyn, soşyalîzm xewnî mrovî zînduwe û be praktîkî şorrşigêrrane ketwarîy debêtewe û serkewtinîşî le kultûrbûyinda debêt, bebê ewe, le xeyallî goşegîrane û fentazî aydyalîstane bewlawetir nabêt. Hejên

Beşî syazdehem

## Aya komellgey enarkî çi cyawazyekî legell beheştêkî xeyallî heye ke komonîzm mijdey dedat?

Pêş ewey biçme pay wellamdanewey nêwerrokî pirsyareke, naçarm leser hellebûnî wajey " komonîzm" bwestim, ke hîç kat bewatay "Communism" nîye. Komunîzm "Communism" wate komungerayî û komon "Common" wate nêwkoyî; wek xallî nêwkoyî ya zmanî nêkoyî û le zmane latînekanda wajeyek benawî "komonîzm" bûnî nîye û herweha le zmanî kurdîda ewe tenya kesanî derewey parte komunîstekan nîn, ke ew wajeye be helle bekardeben, bellku le pêş hemuwanewe seranî parte komunîstekan û endamekanyan ew wajeye be helle bekardeben. Bedaxewe em wajaneş wek wajekanî [dêmokrat (kesî dêmokratixwaz) , dêmokrasî (çemkî hizrî û fîlosofî) ] , [’elmanî (kesî sêkîwlarîst) û îlmanî (bîroke/ ştî/kesî zansitî/ zanistkar / zanistdost) ] , [entî nasîwnalîzm (dje nasîwnalîzm), înternasîwnalîzm (nêwneteweyî), enternasîwnalîzm (bêwata)], ..tid lelayen nûseran û roşnibîranî kurd û tenanet layengranî ew hzir û bîrokanewe têkellkrawn !

Komunîzm wek wênakirdin kumellgeyekî pêştir nexşekêşrraw û aydyal û destkirdî raberanî "partî pêşrrew", pişt be aydyakanî qonaxbendîy mêjûy komellgekan bo komuney seretayî û bendayetî [Slavery] û fîodallî [feudalism] û sermayedarîy [Capitalism] û komunîzm [Communism] debestêt û eger bewridî sernicî draw û bnemakanî ew qonaxbendîyey komellgey mroyî bdeyn, ewa serçawey ew qonaxbendîye bo bîroke [aydya] ayînîyekan betaybet bîrokekanî çonyetî derkirdnî mrov le beheşt û çonyetî gerranewey mrovî derkraw le beheşt bo beheşt, her bew corey katêk ke mrovî derkraw le beheşt be peyrrewîkirdnî rêbazî peyamberan gunahekanî desrrêtewe û be beheşt şaddebêtewe, her awaş begwêrey lêkdanewey tîorîsyonekanî komunîzm, geyîştinî mrov be komunîzm û bedîhatnî weha komellgeyek be pabendîy mrovekan bo aydyolocyay part û têrrwanînekanî markis û englis û mêşkekanî paş ewan debestnewe û her nezokîyek le tîorî pêştir darrêjrawda be nezanî û derknekirdin û laderîy peyrrewkaran û seranî partekan dadenrêt, herweha her rexnegirtin û retkirdneweyek beranber tîorîyekanî çonyetî geyîştin be komellgey komunîstî, be ladan û djexûnî le bawerrî balla hejmardekrêt.

Komunîstekan, soşyalîzm be peybirdin û dozînewe û bîrdozî bîryaran dezanin, wate hoş aferênerî ştekane û pêş pêgeyîştin û ezmûne madîyekan dekewêt. Herweha bîrdozekanî ew bîryarane be pîrozkirdin û hawtakirdinyan be zansit, dekene çekî retkirdnewe û nkollîkirdin le her rastîyek le derewey bîrdoze komunîstîyeke û ke hem core paradoksêke û hem drêjedan be mezhebgerayî. Çunke zansit wate pêgeyîştinî ezmûngerîy û drêjedan be derkewtin û drawe pêşînîyekan, bewatayekî dîke zansit hem drêje û geşey hewllekanî pêş xoyetî û hem letek her derkewtin û pêgeyîştinêkî ezmûngîrîyane, narroşnîy û layene lawaz û nadrustekanî xoy retdekatewe, ke eme şêwazî geşe û pêgeyîştinî matiryalîstîye, wate tîorî û pêgeyîştnekan berencamî kar û çalakî û taqîkirdnewekanin, nek pêçewanekey. Eger sernicî pagendey

komunîstekan lemerr zansitîbûnî komunîzmî markisîstî û retkirdnewey her rexne û sernicêk lemerr darriştne pêştir amadekrawekan bdeyn, debînîn, ke hîç cyawazîyekî berçaw lenêwan têze ayînîyekan û têze markisîstîyekanda nîye. Wek gutim têze ayînîyekan drustibûnî mrov bo huşyarîy pêş made [xwakrid] degrrênewe û mrovî yaxî û serpêçyeger le beheşt derdekat û paşan xway ayînekan rêgeçarey gerranewe bo beheşt bo mrov dyarîdekat û eger [mrovî derkraw le beheşt] ew rêgeçare peyrrewîynekat, ewa hîç kat egerî geyîştnewey be beheşt bûnî nîye, her ewey ke markisîstekan mêjû be ser qonaxe naçarîyekanî geşey komellgeda dabeşdeken [mrovî seretayî behoy dozînewey kerestekanî berhemhênan û xawendarîyan lelayen kesanî behêzewe, komune becêdehêlêt û pêdenête qonaxî koylayetî û paşan le raperrînî koylanda leberewey ke merce mêjûyyekanî şorrşî soşyalîstî le aradanîn, wek pêdawîstyekî mêjûîy çînî balladestî dîke fîodallekan serhellden û dîsanewe le raperrînî cutyaranda leberewey ke merce mêjûyyekanî şorrşî soşyalîstî le aradanîn, wek pêdawîstyekî mêjûîy çînî balladestî dîke borcwakan wek "şorrşigêrr"serhellden û dwacar bîryaranêk peydadebin û lêkollînewe leser bnema abûrîyekanî pêkhatnî komellge deken û bew serencame degen, ke debêt komellêk pêşmercî geşey abûrîy rûbden û be peyrrewkirdnî tîorîyekanî ewan, twanay gerranewe bo beheşt "komuney seretayî" debêt]. Hellbete ewane ne boçûnî mnin û ne aferênrawî xeyallî mnin, bellku ew pagende û gêrranewanen, ke ta henûke ême le demî raberan û paşrrewanî komunsîstewe bîstûmanin û debîstîn.

Êsta ke tîrrwanînî xomim lemerr beheştî dunyayî û têzekanî da, detwanim bllêm nexêr, komellgey enarkî beheşt nîye û birryarîş nîye beheşt bêt û enarkîzm wek hzir sentêze nek têz. Enarkîyekan betemanîn komellêk têzî asmanî bo geyîştin be beheşt dabrrêjn û byankene ayînî dunyayî. Geyîştinî mrov be komellgey azad [soşyalîstî / enarkî] be amadeyî û têkoşanî take çewsawekanewe peyweste û rûdanî weha egerêk percûyekî asmanî/ ramyarîy nîye, ke le çawtrukandinêkda komellgey pirr ceng û dirrdindayetî bgorrdirêt be komellgeyekî pirr harmonî pêkewejyan û tebayî, çewsawe û sûdixwazîy bgorrdirêt be harîkarîy û xobexşîy komellayetîy, kêbrrikêy desellatixwazîy û mşexorîy ramyarîy bgorrdirêt be yekgirtin û hawderdîy mrovayetî. Nexêr komellgeyekî away naçînayetî pêwîstî be têperrkirdnî prosêsêkî berdwamî têkoşanî take jêrdestekan bo geyîştin be weha amancêk heye. Çon dekrêt komellgeyek ke leser bnemay sza û zîndanî, leser bnemay fermandarîy kemîney ramyar û zorîney jêrdest, leser bnemay rencderîy zorîney nedar û mşexorîy kemîney sermayedar damezrabêt û bebê pêşnyarbûnî ellternatîvekey le peywendîye komellayetîyekan û le rêkxistinî kar û jyanî komellgeda, yek şew û roje welabnirên? Weha pûçgerayyek tenya le demî ramyaranewe derdeperrêt û tenya kesanî xoşbawerr û destemo û kewillkraw le hemû wîst û bûnêkî serbexo, detwanin birrway pêbken û dway bkewn .

Bedîhatnî soşyalîzm / komelgey enarkî, ne xewnêke ta rûdanî le derewey wîstî mrovekanewe bêt û ne aferênrawî twanay cadûgerîyaney ramyarekane, ta çawerrîy bezeyî û firyadrresîy ewan bîn, bepêçewanewe hatnedî weha komellgeyek be hengawnanî bekirdewey ewanewe peyweste, ke be pêwîst û be ellternatîvî debînin û kirdeyîkirdnewey le jyan û karî rojaneda be tenya msogerkerî hatnedî dezanin. Eger na hemû bellênêkî serxerman, tenya hezarbarekirdnewey heman dîktatorîy "partî pêşrrew" debêt, benawî prrolîtaryawe ! Leberewe enarkîyekan her roje le şwênî kar û jyanî xoyanda le grupe xocêyyekan û le rêkixrawe cemawerîye serbexokanda xerîkî kirdeyîkirdewey xeyallî soşyalîstî / enarkîn, be jyankirdnî xeyalle dêrînekanî mrov, her ewey ke le nawçe azadekanî okranyay 1917-1921 û îspanyay 1936-1939 rûyda û ewey lem rojgareda le gunde herewezîyekan û komunekanî ewrupa û emerîkada xerîke rûdedat, ewey ke pêştir pêş serhelldanî dewlletî neteweyî becorêk le corekan le komellgekanî efrîka û asya û emerîkay latîn û emerîka û ustralyay [pêş dagîrkirdin û cînosaydkirdin], bûnî hebuwe; jyan bebê serwer, jyan bebê pêkhatey qûçkeyî û dezgey ramyarîy; jyan bebê bazirganî û sûdxorîy bankekan; jyan bebê nwênerayetî partekan û

ramyaran; jyan le harmonî herwerzîy û hawpiştî û xokomekîy komellayetîda leser bnemay dêmokrasî rastewxo, komellge bebê nwêner û polîs û dewllet !

Aya be nezerî to sebebî şkistixwardinî şorrşekanî ta êsta ewe nîye ke corêk zorkirdin buwe le tarîx, be corêkî tir bîllêm aya ew şkistixwardne bellgeyek bo ewey ke tarîx bexoy rê dekat û pêwîstî be hewllî zoremlêyaney ême nye , aya ewey to takîd le çarenûssazî rollî take huşyarekan dekeyt corêk le raberayetî û arastekirdnî tarîx nye?

Eger birrwa bexoman bhênîn, ke mêjû le derewey wîstî mrovekanewe xobexo kardekat û wabestey rêjeyekî dyarîkraw û xwazrawî geşey bnemay abûrîy komellge û brrînî qonaxbendîyekane, ewa xobexo bepêy ew lêkdanewe naketwarîye hemû hewllêkî mrov bo zûtêperrandinî bar û doxeke, letek şkist û nakamîda rûberrûdebêt. Bellam katêk ke xudî mêjûy mrovayetî rastîyekey dîke deselmênêt, ke karayî mrov û berencambûnî gorranekane behoy karkirdî mrovekanewe, ewa îdî weha lêkdaneweyek bêcge le pûçgerayî aydyalîstî hîçî dîke berhemnahênêt. Leberewe tenya rêgeyekî ketwarîman leberdemda demênêtewe, ewîş lêkdanewe û gerrane le dûy hokarî şkistekan, nek hellhatin le şkistekan û naumêdbûn le twanayî şorrşigêrraney mrov; aya hokarekanî şkistî ta êstay şorrş, xoyî bûn ya derekîy ?

Katêk ke xudhuşyarîy zorîney koyle raperrîwekan ta astî pêkewejyanî hemuwan bebê serwer birrnakat, îdî eger raperrînekan be serkewtinî dujminîş têkneşkên, ewa serencam be rêkxistnewey komellge leser bnemay raber û raberîkraw kotayîdêt ! Katêk ke xudhuşyarîy zorîney cutyaranî raperrîw nagate astî binyatnanî herewezîye kiştkarîyekan lecêy wabesteyî be darayî fîodallekan beser kêllgekanda, îdî borcwazî xorrêkxistûy şar be asanî twananî rêkxistnewey komellgey leser bnemay dewlletî neteweyî û cêgirtnewey serwerîy fîodallekanî debêt û cutyaranî bêzewî degorrdirên be krêkaranî krêkirte, katêk ke xudhuşyarîy krêkaran û serbazan le rusyey 1917da [begşitî û le hemû layekî ew wllate] negeyîştuwete astî xoberrêweberayetî sertaserî komellge û karxanekan lelayen xudî prrolîtêrekanewe, îdî zor be asanî destebjêrî ramyar û xorrêkxistû le partêkda benawî "pêşrewî krêkaran"ewe, detwanêt cêgey serweranî pêşû bigrêtewe û hemû narrezayetîyek û yaxîbûnêkî şorrşigêrane wek (krroniştat) le xwênda xelltanbkat !

Bew pêşekîyewe demewêt bllêm, nexêr mêjû le derewey wîstî takekanî komellgewe bûnî nîye û ewe karkirdî êmeye ke mêjû deçerxênêt, katêk ke take jêrdestekan be " dewlletî xwa " leser zewî xoşbawerrdebin û bextererîy û rizgarbûnî xoyan le sayey ewda bbînnewe, îdî ewe rûdedat ke le şkistî raperrînî rêbendanî 1979î êranda rûyda, katêk ke take jêrdestekan be " dewlletî neteweyî " xoşbawerrbin û be xewnêkî aydyal û kotayî hemû nehametîyekanî xoyan bzanin, bedillnyayyewe ewe rûdedat, ke le şkistî raperrînî azarî 1991da wuyda, komellêk mîlîşya detwanin serwerîy xoyan beser koemillgeda bsepyênin, katêk ke take jêrdestekan be hêz û twanay xoyan naumêddebin û hemû hîwayekyan be firyadrresîy dewllete zilhêzekanî emerîka û ewrupa debestnewe, îdî ewe rûdedat, ke le efganistan û 'îraq rûyda. Bedaxewe em lîste zor drêje û serapay mêjû behoy birrwanebûnî tak be rollî xoy û karayî yekgirtûy hêzî cemawerîy xoyewe, prre lew şkistane û be boçûnî min taweku takî jêrdest paşrewî partekan û gwêrrayellî sîstemî ramyarîy bê û hîway rizgarbûnî xoy le nehametîyekan be qurbanîdan lepênaw drustkirdnî dewllete neteweyî û ayînî û sêkîwlarîstekan grêbdatewe, bedillnyayyewe herdem leberdem şkistekanî xoyda doşdademênêt û le naumêdîda ya le goşey peristgekanda çawerrwanî rudanî perrcuwe asmanîyekan [firyadrresî xwayî] debêt ya le pertûkxanekanda çawerrwanî rudanî perrcûy lenêwçûnî sîstemî sermayedarî behoy geşey abûrîyyewe debêt [gorranî dîtêrmînîstîyaney komellgey çînayetî] û be têperrbûnî sat û roj û hefte û mang û sallekanî temenî jêrdesteyî û naumêdî xoy denûsêtewe.

Bekurtî, take jêrdestekan bedrêjayî mêjûy komellge mroyyekan le xoşbawerrîyanda herdem beheştekanî serwerîyan bo çîne dara û desellatdarekan msogerkirduwe; lepênawyanda xoyan bekuştdawe, ewanî dîkeyan kuştin, cînosaydyan kirdûn, gund û şar û herêmekanyan sûtandin û enfalyankirdûn, bûnete pasewanî yekdî le zîndanekanda, narrezayetî û raperrînekanyan serkutkirdûn, le yek destewajeda eger amadeyî û xoşbawerrîy take jêrdestekan nebêt, ewa hergîz xanewadey împratorêk [koyledarekan], miştêk zemîndar [fîodallekan], çend cenerrallêk [kudetaçîyekan], komîtey nawendî partêk û kemîneyekî here kemî sermayedar [karxanedarekan] û ramyar [parlemantarekan] û desellatdar [fermanderan], neyandetwanî û natwanin komellgekan û cîhan jêrdestibxen û zorîne birsî û serkutbken û xoyan serwer û mşexor bin. Le beranber eweda û leser ew bnemaye, tenya huşyarbûnewey çewsawan le korrî xebat û xorrêkxistinî rojaneda detwanêt hem take jêrdestekan le xoşbawerrîy û paşrrewî bgêrêtewe û hem berew raperrîn û lenêwbirdnî sîstemî ramyarîy û binyatnanewey komellge leser bnemay hawpiştî û herewezîy û harîkarîy komellayetîy, hellixrrênêt û birrwabexobûn û xudhuşyarîy bo çewsawan bgêrrêtewe. Her leser ew bnemaye û be piştbestin be ezmûne xudîyekanî xom û drawe mêjûyyekanî xebatî komellayetîy, min pêdagrîy leser karabûn û çarenûssazbûnî rollî huşyaraney takî çewsawe dekem, eger na le derewey xebatî cemawerîy û hawpiştî û yekgirtin û rêkxistinî komellayetîy çewsawan, hatnedî soşyalîzm tenya be pûçgerayî ramyarîy û lasayîkirdnewey çoneytî geyiştnewey mrov be beheşt debînim !

***********************************

Bo xwêndnewey beşî yekem, kirte leser em besterey xwarewe bke

Beşî yekem : http://wp.me/ppHbY-HN

Beşî duwem : http://wp.me/ppHbY-HY

Beşî sêyem : http://wp.me/ppHbY-If

Beşî çwarem: http://wp.me/ppHbY-IH

Beşî pêncem: http://wp.me/ppHbY-IK

Beşî şeşem:  http://wp.me/ppHbY-Jb

Beşî hewtem : http://wp.me/ppHbY-Jm

Beşî heştem : http://wp.me/ppHbY-Jt

Beşî nohem: http://wp.me/ppHbY-JM

Beşî dehem : http://wp.me/ppHbY-JR

Beşî yazdehem : http://wp.me/ppHbY-K3

Beşî dwazdehem : http://wp.me/ppHbY-K7